# لاپتۆپ هاردەکەی گەیشتە 4 ترابایت



کۆمپانیایەکی کەنەدی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر، لاپتۆپێکی بەرهەم هێناوە کە توانای خەزنکردن لە هاردەکەیــدا 4 ترابایتە و خێرایی CPUیەکەی زیاتر لە شەش هەزارە.

ئــەو لاپتۆپەکە بــە Panther2 ناســراوە، وەك باشــترین جێگــرەوەی «ۆرك ستەیشــن» بۆ کارکردن لەســەر پرۆگرامە زۆر قورسە گرافیکییە پیشکەوتووەکان سوودی لێوەردەگیرێ.

توانای داکردنی داتا لەو لاپتۆپە، هەروەك ئاماژەی پێدرا، زۆر لە کۆمپیوتەر دیســکتۆپ زیاترە، خاوەنی چوار درایڤی سەربەخۆیە کە پێکەوە لە پەیوەندی دان. لاپتۆپەکە شاشــەکەی 17 ئینجــە و رامەکەی 24 گیگابایتە، کامێراکەی 3 میگاپیکسلە. لە ریزی باشترین وێبکامەکان دایە.

# مۆبایل و پلەی ستەیشن



لــە داهاتوودا رەنگــە وای لێبێت، هەرچی پێویســتی پێی بێت مۆبایلەکــەت جێبەجێی بکات. لەم دواییانە کۆمپانیای ســۆنی مۆبایلێکــی بەرهەم هێناوە کە لەخۆیــدا ئامێری پلەستەیشــینی هەیە. پلەی ستەیشن ئامێری تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنییە کــە لە جیهانی یاریدا گرنگییەکی زۆری هەیە. بەو ئامێرەی مۆبایل دەتوانی ســەرەڕای یاریکردن گەمە قورسەکانیش دانلود بکەی، ئیدی لە داهاتوودا پێویســت ناکات ئامێرێکی گەورەی پلەی ستەیشن بکڕی، بگرە مۆبایلەکت خۆی لەخۆیدا پلەستەیشنە.

# توانای خەزنکردن لە DVDدا گەیشتە 400 گیگابایت

دیســکی DVD ئەو ئامێرەیــە کە توانــای خەزنکردنی داتــای هەیــە، هەتا ئێســتا ئەوەی لە بازاڕەکانــی جیهاندا بــە فرەیی بەرچــاو دەکــەوێ، دیســکی DVD لە قەوارەی خەزنکردندا 4 گیــگا و 9 گیگایە. لەم دواییانەدا دیسکی blu-ray هاتە بەرهەم کــە توانای خەزن کردنی دەگاتە 25 گیگا. کۆمپانیای پایونیــر توانیویەتی



یەکەمیــن نەوەی نوێی دیســکی DVD بەرهەم بێنــێ کە دەکــرێ بڵێین وەك کۆگایەکی گەورەی داتای دابنێین، قەوارەی خەزن کردن لەو دیسکەدا 400 گیگایــە. کۆمپانیاکــە رادەگەیەنــێ کە لە هەوڵدایە ئەو قەوارەیەش زیاتر بەرێتە ســەرێ و لــە ماوەیەکی کەمــدا توانای خەزن کردن لە دیســکی DVDدا بگەیەنێتە یەك ترابایت.




# کۆمپیوتەرێکی سەرمێز و دوو شاشەی جیاواز

لەم رۆژانـــەدا کۆمپیوتەرێکی دیســـکتۆپ هاتـــە بەرهەم کە بـــە روالّـــەت وەك (Case)ی کۆمپیوتەر دەچێت. کۆمپیوتەرەکە کە بە CinematographHD ناسراوە، بۆ سوود لێوەرگرتن لەو کۆمپیوتەر دەبێ سەرەتا دەرگای کەیســـەکە بکەنەوە. کۆمپوتەرەکە خاوەنی دوو شاشەی 22 ئینجییـــە. کە هەرکام لەوانـــە بە جیا ئیش دەکەن، واتە دەکرێ لە یەکێکیاندا ئەنتەرنێت بکەیەوەو لەوی تریـــان کاروباری دیزاین بکەی. کۆمپیوتەرەکە خاوەنی ســـێ ســـپیکەرە و کوالیتی دەنگی زۆر بەرزە.

## هاندی دژی ئاو



کۆمپانیاکانی بەرهەمێنانی مۆبایل دەبا بەر لەهەموو شـــتێك بیریان لەوە کردباوە کە گشـــت مۆبایلەکان بە جۆرێك بن کە تەڕ نەبن و دژی زەربە بن، چونکە زۆربەی مۆبایلەکان بەهۆی ئەو دوو هۆکارەوە تێك دەچـــن. کۆمپانیای فوجیســـتۆی ژاپۆنـــی مۆبایلێکی بەرهـــەم هێناوە کە بەتەواوی دژە ئـــاوە. هاندەکە کە بە Fujistu F-01A ناســـراوە، شاشەکەی 3.5 ئینجە و لەمســـییە. کامێرای ئـــەو هاندە 5.2 میگاپیکسلە.

هاندەکـــە دەتوانـــێ پرۆگرامەکانـــی تەلەڤزیۆنیش بڵاوبکاتەوە. جگە لەوەی کە میمۆری خۆی هەیە لە میمۆری دیکەش ســـوود وەردەگرێ. بەهۆی ئـــەو هاندەوە دەتوانی لە قولاّیی دەریاوە گەر هێڵ هەبێت پەیوەندی بگری، چونکە هاندەکە دژی ئاوە.

## یەکەمین کامێرای سێ ر ەهەندی فۆجی




جیهانی ئامێری دیجیتال بەرەو سێ رەهەندی دەڕوات، لە هەنگاوێکی نوێـــدا کۆمپانیـــای فۆجـــی یەکەمین کامێرای سێ رەهەندی خـــۆی هێنایە بەرهـــەم کە بە کامێرای FinePix ناسراوە، ئـــەو کامێرایە وێنەکان لەســـەر کاغەزێکی تایبەت بەخۆی چاپ دەکات. بۆ ســـەیرکردنی وێنەکان پێویست بە چاویلکەیەکی تایبەت ناکات. کامێـــرای Pinepix لە نێـــوان دوو لێنزی خۆی هاوکات پێکەوە دوو وێنەی جیا دەگرێ، کە لە گرتنی وێنەکەدا مەودای سروشـــتی نێوان چاوی مرۆڤ وەبەرچاو گیراوە. پاشـــان ئەو وێنەیـــە لەســـەر کاغەزێکـــی تایبەتدا بەیەك وێنە چاپ دەبن و شـــێوەی بەرجەستە بە وێنەکە دەبەخشن.

# ئەو سایتانەی بۆ نەخشەسازی زۆر گرنگن

جیهان گرافیكی و نەخشەســازی، دەكرێ بڵێیــن هەمیشــە قــەرزداری پرۆگرامــی فۆتۆشــۆپە. فۆتۆشــۆپ وەك باشترین و بەهێزتریــن پرۆگرامــی گرافیكی ســەیر دەكــرێ. بۆ دیزاینەرانی پۆســتەر و رێكلام و نەخشەســازانی گۆڤــار و رۆژنامــەكان فۆتۆشــۆپ باشــترین یارمەتیدەریانە و لە راســتیدا بێ فۆتۆشــۆپ ئەركەكان بەڕێوە ناچن.

لێرەدا چەند سایتێكیان پێ دەناسینین تایبەتن بە وێنەی PSD كە فۆرماتی خەزن كردنی وێنەی فۆتۆشۆپە. لەو سایتانەدا ئێوە دەتوانن وێنەی جوان و ســەرنج راكێش كە گشتیشیان لایەریــان هەیە دابەزێنن و دواتر بە ویســتی خۆتان دەستكاری بكەن. سایتەكان ئەمانەن:

PSDGalaxy. DownLoadPSD. DevianArt. Lordof Design. BevelandEmboss. DesignBum. GFXFever. PSDList. PSDGraphics. FreePSD.





# چۆنییەتی ناسین و لەناوبردنی ڤایرۆسەكان؟

هەموومــان كــەم و زۆر دەزانیــن ڤایرۆســی كۆمپیوتەر چییــە، ڤایرۆس ئەو پرۆگرامانەن كە ســیخوڕی دەكەن، فایلــەكان تێك دەدەن، زیان بە هارددیسكی كۆمپیوتــەر دەگەیەنــن و داتا گرنگەكان بۆ شــوێنی مەبەســت دەگوازنەوە..هتد. بــەڵام چۆن دەكرێ لە چنگ ئەوان رزگاریمان بێت؟

یەكەمین پێشنیار بۆ ئەوانەی كە گومان دەكەن كۆمپیوتەرەكەیان تووشــی ڤایرۆس بووە ئەوەیە كە لەســەرەتادا تووشی ترس و دڵە خورپە نەبن، دواتــر وا بیــر نەكەنــەوە كــە ڤایرۆس دەتوانی گشت زانیارییەكانی ســەر كۆمپیوتەرەكــە بسڕێتەوە.

چــۆن بزانین كە كۆمپیوتەر تووشی ڤایرۆس بــووە؟ گــەر كۆمپیوتەرەكە خێرایی سیستەمەكەی دابەزی، گەر ئۆتۆماتیكی ســایتێك دەكاتەوە كە تــۆ نەتكردۆتەوە، گەر سیســتەم بكوژێت و هەڵبێتەوە، یان گەر فایلێــك دەكەیەوە كەچــی فایلەكە تێكچووە...هتد. ئەوانەی هێمای ڤایرۆسن.

لەســەرەتادا بۆ لەناوبردنی ڤایرۆس دەبێ، ئەنتــی ڤایرۆســێكی بەهێــزت هەبێت، هەرچەنــدە هێندێك ڤایــرۆس پرۆگرامی ئەنتی ڤایرۆســیش لــەكار دەخەن. گەر كۆمپیوتەر هیچ ئەنتی ڤایرۆسێكی لەسەر نەبــوو، دەبێ حەتمەن ئەنتی ڤایرۆســێك دابندرێ. هیچ كاتێك دوو ئەنتی ڤایرۆس لەسەر كۆمپیوتەر دامەنێن، چونكە خێرایی كۆمپیوتــەر دادەبەزێنــن و دەبێتە هۆی لەكاركەوتنــی سیســتەم. هەندێك ئەنتی ڤایرۆســیش ئیزن نادات، ئەنتی ڤایرۆسی دیكە لەسەر كۆمپیوتەر هەبێت، لەو كاتەدا سیســتەمەكە تێك دەدات. گــەر ئەنتی ڤایرۆس رایگەیاند كە كۆمپیوتەرەكەی لە ڤایرۆس پاك كردۆتــەوە، دەبێ كۆمپیوتەر ریســتارت بكرێتەوە و ســەرلەنوێ ئەنتی



# فیلتەری digital arts لە فۆتۆشۆپدا



فیلتەرەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی کرداری دووپات بووە و دانی ئیفێکتی تایبەت لەسەر وێنەکان سوودیان لێوەردەگیرێ. زۆر لە پرۆگرامەکانی گرافیکی فیلتەری تایبەت بەخۆیان هەیە، فۆتۆشۆپ کە دەکرێ بڵێن بەهێزترین پرۆگرامی گرافیکییە بە هەزاران فیلتەری تایبەتی هەیە کە تەنیا هەندێکیان لەگەڵ پرۆگرامەکەدان. لێرەدا فیلتەرێکتان پێ دەناسێنین کە وێنەکانتان دەکاتە خەیاڵی. ئەو فیلتەرە وێنەکانتان دەکاتە وێنەی Digi-tal Arts. ئێوە دەتوانن فیلتەرەکە لەو ئەدەرەسەی کە لە خوارەوە هاتووە دابەزێنن، http://rapidshare.com/files/260384790/NewArt2.rar دوای دابەزاندن ئەم پاسۆردە لێبدەن. IMU4ALL.

ڤایرۆسی لێبدرێتەوە. گەر لیستی ڤایرۆسەکان بەتاڵ بوو ئەوە دیارە سەرکەوتوو بووە، بەڵام گەر لیستەکە هەروەك خۆی بوو، ئەوە نیشان دەدات کە ئەنتی ڤایرۆسەکە، ڤایرۆس دەیدۆزێتەوە، بەڵام نایسرێتەوە. گەر هەستت بەوە کرد کە کۆمپیوتەرەکەت تووشی ڤایرۆس بووە، دەبێ گشت پاسۆردەکانی خۆت بگۆڕی، چونکە رەنگە مەبەستی ڤایرۆس نووسەکان، دزینی پاسۆرد و حیسابی بانك بێت. هەمیشە لە دوا ساتدا کە هیچ چارەیەك نەما پەنا بۆ فۆرماتکردنی سیستەم بەرن، ئەویش بەر لە فۆرماتکردن فایلە پێویستەکان بخەنە سەر فلاش یان DVD.

رێگاکانی هاتنی ڤایرۆس بۆ کۆمپیوتەرەکەتان، یان فلاش و ئامێرەکانی گواستنەوەی داتایە، یان ئەنتەرنێتە. کە ئەنتەرنێت لە ریزی یەکەمدایە، بۆیە دەبێ هیچ کاتێك ئەو ئیمێلانە نەکەنەوە کە خاوەنەکەی ناناسن!

# فۆرماتە دەنگ و رەنگییەکان بە کلیکێک بگۆڕن




فۆرماتە دەنگ و رەنگییەکان جیاوازن، چونکە ئەوئامێرانەی ئەو فۆرماتانە دەخوێننەوە جیاوازن، بۆ نموونە ئەو فۆرماتەی کە مۆبایل سوودی لێ دەبینێ، کۆمپیوتەر سوودی لێوەرناگرێ، هەربۆیە گرفتێك کە هەمیشە دێتە پێش ئەوەیە کە ئەو کلیپە یان ئەو گۆرانییەی کە لەسەر کۆمپیوتەر هەیە ناکرێ بیخەیە سەر مۆبایل بەبێ گۆڕینی فۆرماتەکەی.

پرۆگرامی mediaEspresso پرۆگرامێکی زۆر بەهێزە بۆ گۆڕینی فۆرماتی فایلە دەنگی و رەنگییەکان. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانن ڤیدیۆ کلیپەکانتان بگۆڕن بۆ هەر فۆرماتێك کە نیازتان هەبێت. ئەو پرۆگرامە خێراترین پرۆگرامی گۆڕینی فۆرماتە. بەهۆی پرۆگرامی mediaExpresso کوالیتی وێنەکان لە گۆڕانکاریدا هیچ دانابەزێت. هەندێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- توانای گۆڕینی هاوکاتی چەند فایل پێکەوە.
- خێراییەکی زۆر لە کاتی گۆڕینی فۆرماتێکدا.
- بە شێوەی ئۆتۆماتیکی توانای ناسینی ئەو ئامێرەی کە بە سیستەمەکەوە پەیوەندراوە.



www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com